# ڕێبەری حەوتەم - وانەی ٢٨

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك)   لۆقا |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (لۆقا ١١: ٢٩- ١٤ : ٣٥) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) چارەسەری کێشەکان . مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **پێداچونەوە** بکەن : چارەسەری کێشەکان : مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) یۆحەنا ١٢: ١- ٥٠ |

**پێشەکی** : یۆحەنا 12: 1- 50 پێناسەی ڕوداوی چەورکردنی عیسا دەکات لەلایەن مریەمەوە لە بێت عەنیا ، وە چوونە ناو ئۆرشالیمەوە لە کەژاوەی سەرکەوتندا و هەروەها چاوپێکەوتنی لەگەڵ یۆنانیەکان ئەوانەی هەوڵیان دەدا ببینن ، وە بێ باوەڕی جولەکەو ڕەتکردنەوەی عیسا لەلایەن جولەکەکانەوە .

| |
|---|
| **هەنگاوی ١: بخوێنەوە .**           **وشەی خودا** |
| پێکەوە یۆحەنا ١٢: ١- ٥٠ **دەخوێنینەوە** . |

به نۆره هەر كەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەكان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢ : ئاشكرای بكە.          تێبینیەكان**

**بیربكەوە** . ئەو ڕاستیە كامیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە كۆی گشتی ئەم ئایەتانە كام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشكرا بكە كە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبكەوە و بیرۆكەكانت بنوسە لە پەڕاوەكەتدا .

**بەشداری بكە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان كاتێك بەسەردەبەن لە بیركردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆكەكانتان بەشداری پێبكەن ).

هەریەكێكمان بەشداری دەكەین لەو شتانەی كە ئاشكرا كران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر كۆمەڵەیەكی بچوكدا ، ئەندامانی كۆمەڵەكە بە شێوەیەكی جیاواز بەشداری دەكەن).

**یۆحەنا ١٢ : ١- ١١**

**<u>ئاشكراكردنی ١: چەور كردنی عیسا لەلایەن مریەمەوە .</u>**

ئەم ڕوداوە ئەوە نیە كە لە لۆقا بەشی ٧ دا باسكراوە ، بەڵام لە مەتا ٢٦ و مەرقۆس ١٤ پێناسەی ڕوداوەكە دەكەن . شێو ئامادە كرا لەماڵی شیمۆنە گول بۆ ڕێز گرتن لە عیسا . وە بەپێی نەریتی جولەكە دەبوو میوانەكان لەتەنیشت خوانەكەوە پاڵ بدەنەوە . مریەم ی خوشكی مەرساو لەعازەر بوتڵە بۆنە گرانبەهاكەی شكاندو پرژانی بەسەر لەشی عیسادا ، لەسەریەوە تا خوارەوەی پێیەكانی . دوای ئەوە پێیەكانی بە قژی سڕییەوە . ئیدی ماڵەكە هەمووی پڕ بوو لە بۆنی خۆش .

ئەم ڕوداوە دڵفراوانی مریەم و خۆویستی یەهوزا دەردەخات . یەهوزا ڕەخنەی گرت و پێی وابوو كە پارە بەفیڕۆدانە . وە پارەی بۆنەكەی ژمارد كە چەندی تێچوە ، ئیدی بەراوردی كرد بەوەی یەكسانە بە كرێی یەك ساڵی كاركردن ( ٣٠٠ دینار ، ئەو كات یەك دینار كرێی ڕۆژانەی كرێكار بوو ) هەروەها هەندێ قوتابی دیكەش لەمە بێزاربوون . وە كاتێ مریەم سەرنجی دا هەستی كرد كە ئەو كارەی كردویەتی مایەی نیگەرانی و ناڕەزایەتیە . ئەوەبوو كەس بەرگری لێنەكرد جگە لە عیسا . عیسا زانی بەچی مەستێك ئەمەی كردوە بۆیە فەرموی : " لێی گەڕێن ! بۆ ڕۆژی ناشتنم هەڵیگرتبوو ."

دیارە ، كە مریەم لەهەموو قوتابیەكانی دیكەی عیسا زیاتر پێی وابوو دوژمنەكانی لەماوەیەكی نزیكدا دەیكوژن . لەگەڵ ئەوەی كە عیسا زۆرجار پێشبینی مردنەكەی كردبوو ( مەرقۆس ٨: ٣١؛ ٩: ٣١؛ ١٠: ٣٣- ٣٤) ، دیارە كە مریەم باشترین گوێبیستی عیسا بوە . وە بەپێی نەریتی جولەكە ، كاتی مردن

دەبوو تەرمی مردوەکە بە پارچەیەك لە کەتان کفن بکرێت و پێوەی بپێچرێتەوە و بۆنی گرانبەها بکرێ بە هەر توێیەکی کفنەکەوە . بەڵام مریەم ویستی رێز بگرێ لە عیسا کە هێشتا زیندوە ، بۆیە بۆنەکەی ڕژاند بەسەر عیسادا وەك ئامادەکاریەکی پێشوەخت بۆ ناشتنی . ئیدی عیساش قوربانیە گرانبەهاکەی لێ قبوڵ کرد ، وە فەرمووی : " لە هەر شوێنێکی لە جیهاندا ئەم مزگێنییە ڕابگەیەنرێت، وەك یادکردنەوەیەك باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەم ژنە کردوویەتی ."

بێگومان عیسا بایەخی دەدا بە هەژاران ، وە بێگومان هەروەها عیسا بەفیرۆدان و بەهەدەردانی ڕەت دەکردەوە کە هیچ پێویست نین . بەڵام کارەکەی مریەم بەفیڕۆدان نەبوو ، بەڵکو کاری خۆشەویستی عیسا بوو ، ئامادەکاری بوو بۆ گرنگترین مردن لە مێژووی جیهاندا ! ئەو کاری بەو پێشبینی وهەواڵانە کرد کە عیسا سەبارەت بە مردنەکەی خۆی ڕایگەیاند ، بەم کارەی ئەوەی پیشاندا کە عیسا لەماوەیەکی نزیکدا دەمرێت . عیسا باوەڕدارانی فێر دەکات نرخ دابنێن بۆ ئەو جۆرە پارە خەرجکردنانەی جیاواز لە خەڵکی دیکە کە بەشێوەیەکی گشتی خەرجی دەکەن .

**یۆحەنا ١٢ : ١٢ـ ١٩**

**<u>ئاشکراکردنی ٢ : عیسا چووە ناو ئۆرشالیم لە کەژاوەی سەرکەوتندا .</u>**

ئەم دوو ڕاستیەی خوارەوە زۆر گرنگن بەلای منەوە:

<u>عیسا دەردەخات بەوەی کە زاڵە بەسەر هەموو ڕووداوەکاندا</u>. کەنیشتی سەنهەدرین هێشتا پلانیان دانەنابوو بۆ کوشتنی عیسا لە جەژنی پەسخەدا ، بەڵام کە عیسا چووە ناو ئۆرشالیمەوە لەکەژاوەی سەرکەوتنیدا وای لێکردن پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی پلانگێڕیەکەیان . وە بە چوونە ناو ئۆرشالیمەوە ڕایگەیاند کە ئەو هاتوە تاکو خۆبەخشابە ژیانی خۆی بەخت بکات .

<u>عیسا دەردەخات بەوەی ئەو مەسیایە ، سەرۆکی ئاشتی</u> . چوونە ناو ئۆرشالیم لەلایەن عیساوە بەسواری گوێدرێژ هاتنە دی تەواوەتی پێشبینیەکەی زەکەریا ٩ : ٩ یە . ئیدی خەڵکی ئۆرشالیم پاشاکەیان دەبینن کە بۆلایان دێت بەسواری گوێدرێژ . بەڵام ئەوانەی سوارە بوون وەك ئەو سەربازانەی سواری ئەسپ دەبوون ئەو جۆرە سوارانە پەیوەست بوو بە جەنگەوە ، سواربوونی گوێدرێژ زیاتر پەیوەست بوو بە ئاشتیەوە ! بە سواربوونی گوێدرێژ عیسا دەریخست کە مەسیایە ، بەڵام مەسیای سیاسی و سەربازی نا بەو پڕوپاگەندەیەی بڵاو بوو لە لای جولەکە ، بەڵکو مەسیای کتێبی پیرۆز . ئەو دەریخست کە نەهاتوە بۆ بەزاندنی دوژمنە سیاسیەکانی ، بەڵکو هاتوە لەپێناوی ئاشتی . وە دەمرێ بۆ ئەوەی ئاشتی دروست بکات لەنێوان خوداو مرۆڤی گوناهبار!

**هەنگاوی ٣ : <u>پرسیار بکە</u>** .          ڕونکردنەوە

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٢: ١- ٥٠ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ١٢: 20**

**<u>پرسیاری ١ : بۆچی ئەو یۆنانیانە لەنێوان ئەوانەدا بوون کە هاتبوون بۆ پەرستنی خودا لە ئۆرشالیم لە جەژنی پەسخەدا ؟</u>**

**تێبینیەکان** :

جولەکە چەندەها سەدە بەهۆی کۆچکردنیان بۆ دەروبەری فەلەستین یان ڕاپێچکردنیان بۆ شوێنە زۆر دورەکان ئیدی لەو ناوچەو وڵاتانە کەنیشت و پەرستگایان دروست دەکرد بۆئەوەی تیایدا خودا بپەرستن و پەیمانی کۆنی تێدا بخوێنن . وە نەتەوەکان ئەوانەی حەزیان بە یەکتاپەرستی بوو دەگۆڕان و دەبوونە جولەکە . ئیدی هەندێ لەو نەتەوەییانە خەتەنەدەکران و بەڵێنیان دەدا بەتەواوەتی گوێڕایەڵی شەریعەت (تەورات) بن . ئیدی دەبوونە جولەکە ، وە هاوبەش دەبوون لە هەموو بەرپرسیاریەتیەك و ئیمتیازێکی جولەکە . ئەوانە بە (هاتووەکان) یاخود بە (جولەکەبوەکان) ناودەبران (کردار ٢: ١٠). بەڵام هەر لە نەتەوەکاندا کەسانێك هەبوون هێشتا خەتەنە نەکرابوون و شەریعەتی پەرستشی جولەکەیان لەبەر نەکردبوو ئەوانە پێیان دەوترا "لەخواترسەکان" یان خودا پەرستەکان " (کردار ١٦: ١٤) . ئەمانە ڕێگەیان پێنەدەدرا بچنە نێو پەرستگاوە ، بەڵام ڕیگەیان پێدەدان بچنە نێو "ماڵی نەتەوەکان" . ئیدی بەم شێوەیە تا سەردەمی عیسا (تەورات) شەریعەت دیوارو پەرژینێکی دروست کردبوو لە نێوان جولەکەو نەتەوەکان (ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥) .

وە یۆنانیەکان ئەوانەی هاتبوون بۆ جەژنی پەسخە لە خودا پەرستەکان بوون . نازانین بۆچی ئەوانە ویستیان عیسا ببینن . ڕەنگە ئەوان چیتر بڕوایان بە دانایی یۆنانیەکان نەمابێ ، وە لەلایەکی دیکەشەوە ئاشتی ڕاستەقیەنەیان لە ئاینی جولەکەدا نەبینیبێت . وەڵامەکەی عیساش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوانە ویستویانە لەبارەی ڕزگاریەوە لەگەڵ عیسا بدوێن . ئەوان داواکاریەکانیان لەڕێگەی فیلیپۆس و ئەندراوسەوە پێشکەش کرد کە دوو تەنها قوتابی یۆنانی عیسا بوون بەپێی ناوەکانیان . عیسا وەڵامی هەردوو قوتابیەکەی دایەوە بەو مەبەستەی ئەوانیش وەك ڕۆڵی خۆیان بیگەیەنن بە یۆنانیەکان .

**یۆحەنا ١٢: ٢٣- ٢٤**

<u>**پرسیاری ٢: مەبەستی چی بوو عیسا لەوەی کە فەرموی دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە ؟**</u>

**تێبینیەکان .**

خەڵکێکی زۆری جولەکە لەدەروبەری عیسا وەستابوون کاتێ وەڵامی یۆنانیەکانی دایەوە و فەرموی : " کاتی شکۆدارکردنی کوڕی مرۆڤ هاتووە . ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت ، بە تەنها دەمێنێتەوە . بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات. " عیسا پێی فەرموون " کاتی شکۆدارکردنی کوڕی مرۆڤ هاتووە !" عیسا ئاماژەی کرد بۆ مردنی لەسەر خاچ و هەستانەوەی لەنێو مردوان و بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان و دواجاریش دانیشتنی لەلای دەستەڕاستی خودای باوك لە ئاسمان .

بەڵام یۆنانیەکان دەیانویست چاویان بە مەسیای بەناوبانگی زیندووی سەر زەوی بکەوێ ، ئەوەی زۆر بە مەزنی و سەرکەوتنەوە چووە ناو ئۆرشالیم ، عیسا دوا لەبارەی مردنەکەی لە نزیکترین کاتدا . وە بۆیانی ڕوونکردەوە بە تەواوەتی کە دیدار لەگەڵ مەسیای زەوی یارمەتیان نادات و بەهیچ شێوەیەك سودی نیە بۆیان ! چونکە دەبێت مەسیای زەوی لەپێشدا بمرێ . وە دوای ئەوە کە دەبێتە مەسیای ئاسمانی ئینجا دەتوانێ ڕزگاریان بکات ! بەڵام ئێستا ، زیاتر کاتی مردن و ئازاری نزیک بوەتەوە . عیسا لەبارەی مردنەکەیەوە دوا وەکو دەنکە گەنم کە دەکەوێتە نێو زەوی و دەمرێ .

هەموو جوتیارێك دەزانێ ئەگەر دەنکە گەنم نەکەوێتە نێو زەوی و نەمرێ ناتوانێ ببێتە گوڵە گەنم و بەرهەمی زۆرتر لەخۆی بگرێ! لە لایەکەوە عیسا دەفەرموێ زۆر پێویستەو گرنگە کە بمرێ ، ئەگەر نەمرێ لەسەر خاچ کەس ڕزگاری نابێت ! وە لەلایەکی دیکەوە عیسا دەفەرموێ مردنەکەی دەبێتە مەزنترین بەرهەم لە جیهاندا . ئەگەر بمرێ خەڵکێکی زۆر ڕزگاری دەبێت . ئیدی بەم شێوەیە ، کاتێ عیسا لەبارەی مردنەکەیەوە دوا لەسەر شێوەی دەنکە گەنم کە دەکەوێتە نێو زەوی و دەمرێ ، ئەو فێرمان دەکات کە مردنەکەی لەسەر خاچ لە بری ئێمەیەو زۆر پێویستەو گرنگە بۆ ڕزگاربوونی ئادەمیزاد ، وە ئەو مردنەی مەزنترین کاریگەری لەسەر مێژووی جیهان دەبێت !

**یۆحەنا ١٢: ٢٥- ٢٦**

**پرسیاری ٣: بۆچی دەبێت باوەڕداری مەسیح ڕقی لە ژیانی خۆی بێت لەئەم جیهانەدا ؟**

**تێبینیەکان .**

عیسا دەفەرموێ : " ئەوەی ژیانی خۆی خۆشدەوێت دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لەم جیهانەدا ڕقی لە ژیانی خۆی دەبێتەوە، ئەوا بۆ هەتاهەتاییە ژیانی دەپارێزێت. ئەوەی خزمەتم دەکات با بەدوام بکەوێت. ئیتر من لە هەر شوێنێك بم، خزمەتکاریشم لەوێیە. ئەگەر یەکێك خزمەتم بکات باوکم ڕێزی لێ دەگرێت. "

دەبێت باوەڕداری مەسیح ڕقی لەژیانی خۆی بێت لەئەم جیهانەدا ، چونکە تاکە ڕێگەیە کە دەتوانێ بەهۆیەوە ڕزگاری بێت . چونکە ئەوەی ژیانی خۆی خۆش بوێ ، ژیانی و خێزانی و هاوڕێکانی و سەروەرت و سامانی ماددی و حەزەکانی ئەم جیهانەی یەکەمینەکانی ژیانیەتی نەك عیسای مەسیح . ئیدی ئەم مرۆڤە ژیانی دەدۆڕێنێت ، ئەگەر عیسا دانی پێدا نەنێت ئەم مرۆڤە بۆ هەتاهەتایە لەناودەچێت .

سێ بابەت هەیە زۆر گرنگە کە تایبەتن بە ڕق بوونەوە لە ژیانی ئەم جیهانی گوناهەیە :

**أ. بنەمای خۆ ڕەتکردنەوە .**

کاتێ پێکەوە دەڕوانینە یۆحەنا ١٢؛ ٢٣- ٢٦ تێبینی دەکەین کە بنەماکانی خۆ ڕەتکردنەوە جێبەجێ دەبێت بەسەر عیساو باوەڕداراندا . چونکە دەبینین لە یۆحەنا ١٢: ٢٣- ٢٤ کە عیسا دەبێت بمرێ تاکو خەڵکێکی زۆر ڕگاری بێت . وە لە یۆحەنا ١٢: ٢٥- ٢٦ دەبینین کە دەبێت باوەڕدارانی مەسیح دەبێت ئامادە بن بۆ مردن لەپێناوی مەسیحدا . بێگومان ناکرێ باوەڕداری مەسیح بەهێزی خۆی ئەمە بکات ، لەگەڵ ئەمەشدا بنەماکانی خۆڕەتکردنەوە زۆر گرنگە بەلای عیسای مەسیحەوە .

**ب. فێرکردنی پەیوەست بە پێدانی پێگەی یەکەمین بە عیسا لە ژیاندا .**

فێرکردنی پەیوەست بە پێدانی پێگەو شوێنی یەکەمین بە عیسا لە ژیاندا لە ئینجیلەکانی دیکەدا هاتووە . عیسا ئەم ڕاستیەمان فێر دەکات لە مەتا ١٠: ٣٧- ٣٩ ؛ مەرقۆس ٨: ٣٤- ٣٨ ؛ لۆقا ١٤: ٢٦- ٣٣ . وە لە مەتا ١٠: ٣٧- ٣٩ دا دەفەرموێ : " ئەوەی باوك یان دایکی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە . ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت شایانی من نییە . ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێت دەیدۆزێتەوە. " وە پەترۆس لە کرداری نێردراوان ٥: ٢٩ بە دەسەڵاتداران دەڵێت : " دەبێت گوێڕایەڵی بۆ خودا بێت زیاتر لەوەی بۆ خەڵك ." دەبێت باوەڕداری مەسیح پێگەو شوێنی یەکەمین لەژیانی کەسێتی و کۆمەڵایەتیەکەیدا ببەخشێ بە مەسیح . دەبێت یەکەمین گوێڕایەڵی بۆ مەسیح بێت نەك دایکوباوکی یان مامۆستاکەی یان هاوسەری ژیانی یان حکومەتەکەی ، دەبێت باوەڕدارانی مەسیح گوێڕایەڵی مەسیح هەڵبژێرن و بەر هەڵستی حەزەکانی دیکەیان بکەن .

**ج. ئازار له خزمەتدا .**

له یۆحەنا ١٢: ٢٦ عیسا دەفەرموێ : " ئەوەی دەیەوێ خزمەتم بکات با دوام بکەوێت. ئیتر من له هەر شوێنێك بم، خزمەتکاریشم لەوێیە. " مەسیح بەم وشانەی مەبەستی ئەوەبوو ئەگەر باوەڕدارێك خزمەتی کرد دەبێت له هەموو ڕێگەیەکدا شوێنی بکەوێ ، ئەگەرچی ئەو ڕێگایە خۆڕەتکردنەوە و خاچیش بێت . واتای "هەڵگرتنی خاچ و دوای عیسا کەوتن " له مەتا ١٠: ٣٨ ئەوەیە مرۆڤ ئامادە بێت بۆ نارەحەتیەکان و ڕەتکردنەوەی و چەوسانەوەو تەنانەت مردنیشی له پێناوی عیسای مەسیح و شانشینیەکەی لەئەم جیهانەدا . بەڵام دەبێت باوەڕداری مەسیح ئەوەی لەیاد بێت که خاچ دەبیات بەرەو تاج ، چونکه عیسا فەرموی : " ئەوەی ژیانی بدۆڕێنێ له پێناومدا (وە لەپێناوی ئینجیلدا) ئەوە دەیباتەوە ." وە دەفەرموێ : " ئەوەی خزمەتم دەکات باوکم ڕێزی لێدەگرێت " (یۆحەنا ١٢: ٢٦).

**یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢**

<u>**پرسیاری ٤: سەرۆکی ئەم جیهانه کێ یه ؟ واتای چی یه دەردەکرێته دەرەوە ؟**</u>

**تێبینیەکان .**

" ئێستا کاتی حوکمدانی ئەم جیهانەیە ! ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانه دەردەکرێت. کاتێك منیش له زەوییەوە بەرز دەکرێمەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم ." بەرزکردنەوەی عیسا له زەوی ئاماژە بوو بۆ مردنەکەی لەسەر خاچ و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان . مردنی مەسیح لەسەر خاچ لەهەمانکاتدا حوکمدانی ئەم جیهانەیەو دەرکردنی ئیبلیسه له پێگەکەیدا که سەرۆکی ئەم جیهانەیە .

**أ. حوکمدانی جیهان .**

"جیهان" ئەوەی عیسا لەبارەیەوە دوا هەموو زەوی نیه ، بەڵکو جیهانی ئەوانەیە که ڕەتیان کردەوە ، وە جیهانی سەرۆکەکانیانه ئەوانەی تۆمەتیان خستەپاڵی . جیهانی یەهوزایە ەئوەی ناپاکی لێکردو دایە دەستەوە ، جیهانی سەربازەکانه ئەوانەی سوکایەتیان و گاڵتەجاڕیان پێکرد ، جیهانی پیلاتۆسه ئەوەی حوکمی مردنی بەسەردا جێبەجێ کرد . بەکورتی جیهانی هەموو ئەو کۆمەڵگە خراپەکارانەیە که دوورن له خودا و شەیتانیان کردووە بە سەرۆکی خۆیان . سەرۆکی ئەم جیهانه و شوێنکەوتوانی نازانن که مەسیحیان ڕەتکردەوە حوکمیان بەسەر خۆیاندا هێناوە بەو کارەیان ئیدی ئێستا ئەم جیهانه حوکمدراوە بە لەناوچوون و فڕێدانه نێو دۆزەخ (بڕوانه یۆحەنا ٢١: ٨).

**ب. دەرکردنه دەرەوەی ئیبلیس .**

سەرۆکی ئەم جیهانه شەیتانه (ئیبلیس) . پێش هاتنی عیسای مەسیح ، ئیبلیس خاوەنی زۆرترین دەسەڵات بوو لەسەر ئەم جیهانه ، هەوڵی دەدا پەیامبەرانی خودا دوور بخاتەوە لەو شوێنانەی که لەژێر دەسەڵاتیدا بوون (دانیاڵ ١٠: ١٣، ٢٠ ، ٢١).

بەڵام لە ماوەی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ، عیسا کارەکانی ئیبلیسی تێکشکاند ( ١یۆحەنا ٣: ٨) ، وە ئیبلیسی بەستەوە لە ڕێگەی دەرکردنی ڕۆحە بەدکارەکان و پیسەکان ( مەتا ٢٨- ٣٠)، وە لە ڕێگەی مردنەکەیەوە (کۆلۆسی ٢: ١٥ ؛ عیبرانیەکان ٢: ١٤) وە هەستانەوەی ، وە بەرزبونەوەی و دانیشتنی لەسەر تەخت لەئاسمان ( بینین ١٢: ٥- ٩) . ئیدی بەم شێوەیە ، ئیبلیس حوکمدراو تاوانبار کرا (یۆحەنا ١٢: ٣١؛ ١٦: ١١). ئیبلیس هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو بەسەر عیسای مەسیحدا (یۆحەنا ١٤: ٣٠) ، تا ئێستا ئیبلیس دەسەڵاتی هەیە بەسەر جیهانی بێباوەڕدا ( ١یۆحەنا ٥: ٢٠)، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر باوەڕدارانی مەسیح نیە لە جیهاندا ( ١یۆحەنا ٥: ١٩ ؛ ١پەترۆس ٥: ٨- ٩) . لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕدارانی مەسیح بەردەوام لە جەنگێکی ڕۆحیدان لە دژی ئیبلیس و ڕۆحە بەدکارەکان ( ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٢) ، ئیدی ئیبلیس هیچ توانایەکی نیە بۆ ڕێگرتن و پەکخستنی بڵاوبونەوەی ئینجیل لە نێو هەموو نەتەوەکان و وڵاتانی ئەم جیهانە ( بینین ٢٠: ١- ٣).

عیسا لەبارەی خۆیەوە دەفەرموێ ئەو لە ڕێگەی مردنی لەسەر خاچ "سەرۆکی ئەم جیهانە دەردەکات ." بە دەرکردنی ئیبلیس لە پێگەکەیدا وەکو سەرۆکی جیهان عیسای مەسیح ملیۆنەها لە خەڵکی بەرەو خۆی ڕاکێشا لەهەموو نەتەوەکانی جیهان ! بە مردنی مەسیح لەسەر خاچ و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان و دانیشتنی لەسەر تەخت ، ئیبلیس دەسەڵاتی نەما لەسەر نەتەوەکان ، وە چیتر ناتوانێ ڕێگری بکات لە گوێبیستی موژدەی ئینجیل و پێشوازی کردن لێی ، لەو کات بەدواوە ، عیسا باوەڕدارانی خۆی لەناو هەموو ئەو نەتەوانە دەرباز دەکات لە دەسەڵاتی ئیبلیس و دەیانگوازێتەوە بۆ شانشینەکەی خۆی ( کۆلۆسی ١: ١٣).

ئەو یۆنانیانەش کە هاتبوون تا چاویان بە عیسا بکەوێت ، نمونەی ئەو خەڵکە زۆرو بێشومارەن کە لە ژمارە نایەن لە نەتەوەکان و باوەڕ دەهێنن بەعیسای مەسیح . لە کاتی هاتنی یەکەمیدا تا ئەمڕۆ ملیۆنەها لەسەر ملیۆنەها لە خەڵکی بەرەو شانشینیەکەی دێن .

**یۆحەنا ١٢: ٣٧- ٤٦**

**<u>پرسیاری ٥: کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە باوەڕ و بێباوەڕ ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

**أ. کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە باوەڕ ؟**

نامەی فیلیپی فێرمان ١: ٢٩ فێرمان دەکات و دەفەرموێ : " چونکە خودا لەبەر مەسیح ... باوەڕهێنانتان بە ئەوی پێ بەخشیون ... " وە کردار ١٣: ٤٨ بۆمان دەنوسێت : " هەموو ئەوانەش کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی دەستنیشان کرابوون، باوەڕیان هێنا." فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز چەسپاو و هەماهەنگن لەمبارەیەوە و دەفەرموێ باوەڕ دیاری خودایە ، نەك کاری مرۆڤ . خودا باوەڕ دەبەخشێ ، وە مرۆڤیش بەرپەرسیارە لەپەیڕەوکردنی ئەو باوەڕەی کە خودا پێی دەبەخشێ . ئینجیلی یۆحەنا ١٢: ٤٢- ٤٣ فێرمنا دەکات کە باوەڕی ڕاستەقینە تەنها پشت بە بیرو هزر نابەستێ ، بەڵکو هەروەها بە دڵ و داننان بە باوەڕەکەدا و ڕاگەیاندنیشی .

**ب. کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە بێباوەڕ ؟**

لە ئینجیلی یۆحەنا ١٢: ٣٧- ٤٠ یۆحەنا دەنوسێت : " هەرچەندە زۆر پەرجووی لەبەردەمیان کرد، بەڵام باوەڕیان پێ نەهێنا، تاکو وتەی ئیشایا پێغەمبەر بێتە دی کە گوتی: ئەی یەزدان، کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟
هێزی یەزدان بۆ کێ دەرکەوت؟ لەبەر ئەوە نەیانتوانی باوەڕ بهێنن، چونکە ئیشایا لە شوێنێکی دیکە گوتی: چاویانی کوێر و دڵیانی ڕەقکردووە،
بۆ ئەوەی بە چاویان نەبینن و بە دڵیان تێنەگەن،
نەوەك بگەڕێنەوە و منیش چاکیان بکەمەوە."

خودای کتێبی پیرۆز لێپرسینەوە دەکات لەگەڵ خەڵکی لەسەر بێباوەڕیان . لە ئیشایا ١: ٢- ٤ دەخوێنینەوە لەبارەی یاخی بوونی گەلی ئیسرائیل لە خودا و توشی گەندەڵی بوون ، لەبەرئەوە خودا لە ئیشایا ٦: ٩- ١٠ پێیان دەفەرموێ : " هەمیشە ببیستن بەڵام تێمەگەن، هەمیشە سەیر بکەن، بەڵام مەبینن . دڵی ئەم گەلە ڕەق بکە،گوێی گران بکە و چاوی بنوقێنە، نەوەك بە چاوی ببینێت و بە گوێی ببیستێت، بە دڵی تێبگات و بگەڕێتەوە و چاك ببێتەوە. " گەلی ئیسرائیل زۆر پەرجویان بینی وە زۆر گوێیان لە وتەی چاک بوو لەلایەن پێغەمبەرانەوە لەگەڵ ئەوەشدا دڵیان ڕەق کرد بەرامبەر بە خودا و باوەڕیان نەهێنا بۆیە خودا وای لێکردن ببنە ئەوەی کە شایەنی بوون . ئیدی بەم شێوەیە چاویان و گوێیان داخرا بەتەواوەتی ! ئەوەیان دروێنە کرد کە چاندیان ( گەلاتیە ٦: ٧- ٨) !

بەهەمان شێوە ، فەریسیەکان و زۆرینەی جولەکە پەرجوەکانی مەسیحیان بینی و گوێبیستی فێکردنەکانی بوون لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە عیسای مەسیح نەهێنا بۆیە بەهەمان شێوە تاوانبار کران کە گەلی ئیسرائیل لە پەیمانی کۆن پێی تاوانبار کرا ( مەتا ١٣: ١١- ١٧) .

ئیدی بەم شێوەیە هەروەها هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە وەڵامدانەوەی وشەکانی خودا لە کتێبی پیرۆزدا . بەرپرسیارە لە وەڵامدانەوەی فێرکردنەکان وکارەکانی عیسای مەسیح . ئەگەر هەڵوێستی کەسێك وەك هەڵوێستی فەریسیەکان بوو بەبەردەوامی و ڕەخنەی گرت لە مەسیح ( مەتا ١٢: ٢، ٧، ١٠ ، ١٤، ٢٤) ، ئەوا دڵی ڕەق دەبێت و توانای نابێت بچێتە نێو شانشینی خوداوە . بەڵام هەموو ئەو مرۆڤانەی بە دڵسۆزیەوە وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ وشەکانی خودا پێویست ناکات بترسن چونکە هەموو دڵێکی چاك و بێگەرد وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ وشەکانی خودا و گەشە دەکات و بەرهەمی دەبێت ( مەتا ١٣: ٢٣؛ مەرقوس ٤: ٢٠ ؛ لۆقا ٨: ١٥) !

**هەنگاوی ٤: پەیڕەوی بکە.** **پەیڕەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٢: ١- ٥٠.

**بیربكەوە** : ئەو پەیڕەوكردنە پێشنیاركراوە كامەیە كە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوكردنی كەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوكردنە كەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەكەتدا. بەشداری بكە بە ئازادی لەو پەیڕەوكردنە كەسێتیەی كە خودا دایناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو كۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەكان پەیڕەودەكەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوكردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوكردنی پێشنیاركراون ).

**<u>١ـ نمونە لەسەر پەیڕەوكردنی پێشنیاركراو لە ئینجیلی یۆحەنا (١٢) .</u>**

١٢: ٣ : هەندێ جار دەكرێ زیادەڕۆیی بكرێ لە خەرجكردن لە پێناوی ڕیزگرتن لە مەسیح .

١٢: ٦: كاتێ بەرپرس دەبێت لە بواری پارە و دارایی ئاگادار بە چاوچنۆك مەبەو دەست پیس مەبە وەكو یەهوزا .

١٢: ١٠: ئەگەر دوژمنانی عیسای مەسیح پلانگێریان كرد بۆ كوشتنی، هەروەها پلانگێریش دەكەن بۆ كوشتنی شوێنكەوتەكانی بۆیە ئامادە بە .

١٢: ١٦: مەڕوانە عیسا بە هەمان شێوە ڕوانینی سەران و ڕابەرانی ئایننی جولەكە . چونكە ئەوان نەزانن بەرامبەر كتێبە ئاینیەكانیان ( مەتا ٢٢: ٢٩ ؛ یۆحەنا ٥: ٣٩) ، بەڵكو لەوەش زیاتر ئەوان نوسراوە پیرۆزەكانیان گۆڕیەوە بە نەریتی خۆیان و بە نوسراوی نوێی ئایینی !

١٢: ١٧، ١٩: بەشێوەیەكی گشتی ، ئەوانەی موژدەی عیسای مەسیحیان پێدەگات وپێشوازی لێدەكەن ڕابەرانی ئاینی نین بەڵكو خەڵكی ئاسایین بۆیە لێگەڕێن با ئەو خەڵكە ئاساییە موژدەی ئینجیل جاڕ بدەن !

١٢: ٢٠ـ ٢١ : ئەگەرچی ڕابەران و سەرانی ئایینی پێشوازی نەكەن لە عیسای مەسیح ، ئەوا خەڵكی دیكە بە گشتی پێشوازی لێدەكەن ! بۆیە موژدەی ئینجیل جاڕ بدە و بیگەیەنە بە خەڵكی ئاسایی .

١٢: ٢٤ـ ٢٥ : خۆڕەتكردنەوە و ئازار چەشتن لە پێناوی مەسیحدا دوو گرنگترین و جوامێرین لە مەسیحیەتدا .

١٢: ٣١ـ ٣٢ : موژدەی ئینجیل ڕابگەیەنە بۆ هەموو جیهان چونكە عیسا لە هەموو جیهاندا خەڵك ڕادەكێشێ بەرەو خۆی .

١٢: ٤٢ـ ٤٣: خاوەنی باوەڕی ڕاستەقینەو دڵسۆز بە عیسای مەسیح دان دەنێن بە عیسای مەسیحدا تەنانەت لە كاتی چەوسانەوەشیاندا .

١٢: ٤٨ : پەیامی موژدەی ئینجیل یان بێتاوانت دەكات یانیش تاوانبارت دەكات لە ڕۆژی كۆتاییدا .

**٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :**

أ. دەمەوێ شوێنی یەکەمین لە ژیانمدا بدەم بە عیسای مەسیح . لە دڵەوە بەڵێنم داوە لە پێش دایکوباوك و هاوسەرو حکومەتەکەم گوێرایەڵی عیسای مەسیح بم . ئەگەر دژیەکبوون هەبوو لە نێوان ئەوەی عیسای مەسیح فەرمانم پێدەکات بیکەم وە ئەوەی دایکو باوك یان مامۆستا یان دەسەڵات و حکومەت داوام لێدەکات ، ئەوە هەڵدەبژێرم کە گوێڕایەڵی عیسای مەسیح بم .

ب. دەمەوێ بەهەموو ڕێگەیەك خزمەتی عیسای مەسیح بکەم ، ئەگەرچی ڕێگەکە خۆڕەتکردنەوەو ئازار چەشتنیش بێت . خۆمم تەرخان کردوە کە خاچی مەسیح هەڵبگرم و شوێنی بکەوم . من ئامادەم و ئارەزوو دەکەم توشی ناڕیحەتی و ڕەتکردنەوەو چەوسانەوە بم ، بەڵکو تەنانەت مردنیش لەپێناوی عیسای مەسیح و شانشینیەکەی لە جیهاندا . دەمەوێ لەیادم بێت کە خاچ دەمبات بەرەو تاج . تەنها بەم شێوە خزمەتە دەکرێ دەروون و ژیانم ڕزگاری بێت ! خودای باوك ڕێزم لێ ناگرێ ئەگەر بەم ڕێگەی ئازارە خزمەتی نەکەم !

**هەنگاوی ٥: نوێژ بکە** **هاتنەدەنگ**

به نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ١٢: ١- ٥٠ .

( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ).

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داکۆکیکاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|
| | |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٢.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە لۆقا ١٥: ١- ١٨: ١٧. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن . دڵسۆزی : پەندەکان ٣: ٣- ٤ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە